# کۆمەڵەفەتوایەکی تایبەت بەئافرەتان دەربارەی حەج وعومرە

**[ بە کوردی ]**

## مجموعة من الفتاوى المتعلقة بأحكام المرأة في الحج والعمرة

[ باللغة الكوردية ]


موفتی : موحەمەد کوری ئیبراهیم ئال الشیخ
سالّح العثیمین شیخ موحەمەد - شیخ سالّح فوزان ئەلفوزان

إفتاء: محمد بن إبراهيم آل الشيخ – محمد بن صالح العثيمين – صالح بن فوزان الفوزان

وەرگێران : زاگرۆس هەمەوەند

ترجمة: زاكروس هموند

پێداچوونەوە : پشتیوان سابیر عەزیز

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز



نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

## كۆمەڵەفەتوایەكی تایبەت بەئافرەتان دەربارەی حەج وعومرە

١- پرسیار : ئافرەتێك ناوبانگی هەیەبهوەیئافرەتێكی ئیماندار وصالحە وتەمەنێكیشی كردوەونزیكەلەپیریەوە، ئێستا دەیەوێت یەكەم حەجی ئیسلام بكات ،ولەهەمان كاتدا مەحرەمێكی لەگەڵدا نیەكەبچێت بۆ حەج ، بەڵام لەخەڵكی شارەكەی كەئەوانیش كەسی چاك وبەدینیان لەگەڵدایەوخێزان ومەحرەمی خۆشیان دەبەن بۆ حەج ، ئایا دروستەبۆ ئەم ئافرەتەلەگەڵ ئەم كۆمەڵەكەسەچاك وبەئیمانانەدا بەبێ مەحرەمی خۆی حەج بكات ، لەكاتێكدا ئەم ئافرەتەپارەوماڵ وسامانی خۆی هەیە، خوا جەزای بەخێرتان بداتەوەفەتوامان بۆ بدەن و وەڵاممان بدەنەوە، چونكەئەم باسەبوەتە جێگەی مشت ومڕێی من لەگەڵ چەند هاوڕێ یەكمدا ؟

وەڵامی شـێخ محمد الصالح العثیمین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) :

دروست نیەو حەڵاڵ نیەهیچ ئافرەتێك بەبێ كەس و مەحرەمی خۆی حەج بكات ، هەرچەند ئافرەت وپیاوی ئەمین و چاكی لەگەڵ دا بێت ، چونكەپێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت : ( لا تسافر امرأة إلا مع ذی محرم ، فقام رجل وقال : یارسول الله ان امراتی خرجت حاجة واني اكتتبت في غزوة كذا كذا فقال النبی : ( صلی الله علیه وسلم ) انطلق فحج مع امراتك ) واتە: ئافرەت نابێت لەگەڵ غەیری مەحرەمی خۆیدا نەبێت سەفەر بكات ، پیاوێك هەستایەوەو وتی : ئەی پێغەمبەری خوا خێزانم ڕۆشتوە بۆ حەج كردن ، وەمنیش ناوی خۆم لەفڵان غزوە نوسیوە بۆ جهاد كردن ؟ پێغەمبەری خواش ( صلی الله علیه وسلم ) پێی فەرموو : هەستەزوو پرۆ لەگەڵ خێزانەكەتدا حەج بكە.

لێرەدا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پرسیاری نەکرد لەو پیاوە ئایا کەسی تری ئەمین ودەست پاك وداوێن پاکی لەگەڵدایەیان نا ، یان نەی پرسی ئایا ئافرەتی تر و پیاوی ئیماندار تری لەگەڵ دایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەڵوێستەئەوەی دەخوازی کەدەکرێت لەگەڵ کەسی تردا بێت ، چونکە مێردەکەی ناوی خۆی نووسی بوو بۆ جهاد کردن لەو غەزوەدا ، سەیر بکەن یەکسەر پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی پێ دەکات غەزوەکە بەجێ بهێڵێت و خێرا بگاتەخێزانی و حەجی لەگەڵدا بکات ، زانایان ئەهلی علم یش ووتویانە ئەگەر ئافرەتێك مەحرەمی خۆی لەگەڵدا نەبێت حەجی لەسەر واجب نابێت ، تەنانەت ئەگەر مرد و وەفاتیشی کرد واجب نیە لەمیرات و ماڵەبەجێ ماوەکەشی حەجی لەجیاتی بکرێت ، چونکە ئەم ئافرەتە نەیتوانیوە حەج بکات ، پەروەردگارش حەجی لەسەر کەسێك فەرز کردوەکەبتوانێت .

٢ - پرسیار : ئایا ئەگەر ئافرەتێك بەبێ مەحرەمی خۆی حەجی کرد ، حەجەکی سەحیحە؟ وەئایا منداڵی مومەیەز وباڵەغ نەبوو ئەکرێت ببێت بەمەحرەمی ئافرەتێك ؟

وەڵامی شێخ محمد الصالح العثيمين ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) :

حەجی ئەم ئافرەتە کە بەبێ مەحرەم حەجی کردوە سەحیحە، بەڵام سەفەرەکەی تاوان و گوناهەو سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەبەر ئەوەی دەفەرموێت : ( لا تسافر امرأة إلا مع ذى محرم ) واتە: ئافرەت نابێت لەگەڵ غەیری مەحرەمی خۆیدا نەبێت سەفەر بکات ، ئەو منداڵە مومەیزەباڵغ نەبوەش ناکرێت وەك مەحرەم دابنرێت ، چونکە ئەو منداڵە خۆی بۆ خۆی پێویستی بەوە هەیە کە کەسێك سەرپەرشتی بکات ، جا هەرکەسێکیش وابێت چۆن دەکرێت بیکەین بەلێپرسراو چاودێر و مەحرەمی کەسێکی تر ، مەحرەم دەبێت کەسێکی عاقڵی باڵغی نێرینەبێت ، جا ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا نەبوو ئەوەناکرێت بەمەحرەم دابنرێت ، لێرەشدا پێویستە ئەوە بخەینەڕوو زۆر بەداخەوەکەزۆربەی ئافرەتان ئەم کارەبەسووك سەیر دەکەن بەبێ مەحرەم بەفڕۆکە سەفەر دەکەن ، ئەویش بەبیانووی ئەوەی گوایە مەحرەمێکی لەفڕۆکەخانە خواحافیزی لێدەکات و مەحرەمێکی تریش

لەفڕۆکەخانەی ئەوشارەی تر پێشوازی لێ دەکات ، ئەمەش دەکەن بەبیانوو کەمتەرخەمی لەم کارەدا دەکەن ، لەڕاستیدا ئەمە دروست نیە و بەهیچ شێوەیەك ڕاست نیەو بەڵگەیەکی لاوازە،چونکەئەو مەحرەمەی تا هۆڵی چاوەڕوانی لەگەڵیدا بووە، پێدەچێت ئەو فڕۆکەیە لەکاتی دیاری کراوی خۆی دوا بکەوێت ، ئەم ئافرەتە سەرگەردان دەبێت و بەبێ مەحرەم دەمێنێتەوە، هەروەها پێدەچێت ئەم فڕۆکەیە نەتوانێت لەو فڕۆکەخانەیەی بۆی دیاری کراوە بنیشێتەوە، یان ئەو کەسەی کەبڕیارەبێت بەدەمیەوە لەبیر چووبێت یان مەوعدەکە بەهەڵە تێگەشتبێت یان خەوی لێ کەوتبێت یان نەخۆش کەوتبێت یان لەبەر قەرەباڵەغی ڕێگا نەتوانێت لەکاتی خۆی بگات بەو ئافرەتە، لەکاتێکیشدا دامان نا ئەو فڕۆکەیە هیچ شتێك لەم ڕێگریانە نەبونە ڕێگری و لەکاتی خۆیدا گەشتە ئەو جێگا دیاری کراوە، بەڵام ئایا لەناو فڕۆکەکەدا لەتەنیشت کێوە دادەنیشێت ؟ چونکەپێ دەچێت لەگەڵ کابرایەکی خوانەناس کورسیەکانیان پێکەوەبێت و هیچ بەزەیی لەدڵدا نەبێت بەرامبەری بە بەندەکانی خواو ئەم ئافرەتە لەخشتەبەرێت و ئەمیش بکەوێتەگوناهـ و تاوانەوە، جا واجبە لەسەر ئافرەتی موسڵمان لەخوا بترسێت ولەگەڵ مەحرەمی خۆیدا نەبێت بەهیچ شێوەیەك سەفەر نەکات ، لەهەمان کاتیشدا واجبەلەسەر پیاوان کەخودا کردونی بەلێپرسراوی ژنان لەپەروەردگاریان بترسن و لەسنورەکانی خوادا کەمتەرخەمی نەکەن ووغیرەت و دینی خۆیان نەدۆڕێنن ، چوکنەخوای گەورە پیاوانی کردوە بە لێپسراوی خێزانەکانیان ئەو ئافرەتانەش ئەمانەتن لەئەستۆیاندا ، پەروەردگاریش دەفەرموێت : ( یا أیها الذین آمنوا قوا أنفسکم وأهلیکم ناراً وقودها الناس والحجارة علیها ملائکة غلاظ شداد لا یعصون الله ما أمرهم ویفعلون ما یؤمرون ) ،واتە: ئەی باوەڕداران خۆتان وماڵ ومنداڵ و خێزانەکانتان لەئاگری دۆزەخ بپارێزن کەسوتەمەنیەکەی مرۆڤ و بەردە، سەپەررشتیاری ئەم دۆزەخەش کۆمەڵەفریشتەیەکی دڵ ڕەقی توند وتیژی وان کەنافەرمانی خوا ناکەن لەوەی فەرمانیان پێ دەکات ، ئەوەشی فەرمانیان پێ دەکرێت ئەنجامی دەدەن .

٣- پرسیار : بەڕێز جەنابی شێخ ئێمە لەماڵەوە ئافرەتێکی خزمەتکارمان هەیە کاتێك بمانەوێت بچین بۆ حەج کردن یان بۆ عومرەکردن یان بۆ هەر سەفەر وشارێکی تر ، ئایا دروستە لەگەڵ خۆمان بیبەین لەکاتێکدا ئەو ئافرەتە کەسی مەحرەمی لەگەڵدا نی یە؟ وەڵاممان بدەرەوە خوای گەورە پاداشتی بەخێرت بداتەوە.

وەڵامی شێخ محمد الصالح العثیمین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) :

منیش دەپرسم ئایا ئەم خزمەتکارە ئافرەت نی یە؟ ئتیر کە ئەویش ئافرەتە وەك هەموو ئافرەتانی تر چ شتێك لەفەرموودەکەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) جیای دەکاتەوە، کەدەفەرموێت : ( لا تسافر امرأة إلا مع ذى محرم ) واتە: ئافرەت نابێت لەگەڵ غەیری مەحرەمی خۆیدا نەبێت سەفەر بکات .

بەڵام ئەگەر دامان نا ئەو خزمەتکارە ناکرێت بە تەنها لەماڵەوە بەجێی بهێڵن ، دواتریش کەسێکی وا نیە لە ماڵەوە پارێزگاری لێ بکات ، لەم حاڵەتەدا لەبەر ناچاری و زەرورەت با بچێت لەگەڵیان بۆ ئەو سەفەرە.

٤- پرسیار کرا لەشێخ صالح الفوزان ( خوا بیپارێزێت ) سەبارەت بەوەی : ئایا ئەگەر ئافرەت ڕۆشت بۆ حەج کردن و لەموزدەلیفە کەوتە حەیز وسوڕی مانگانەوە؟ حوکمی ئەو حاڵەتە چی یە؟

وەڵامی شێخ صالح الفوزان :

ئەگەر ئافرەت لەکاتێکدا لەئیحرامدا بوو کەوتە حەیز وسوڕی مانگانەوە، ئەوە هەر کارێك کە هەر حاجی یەکی تر ئەنجامی دەدات لە مانەوە لەعەرەفەو موزدەلیفە و مینا و ڕەمی جەمەرات و پرینی قژ ئەم ئافرەتەش ئەنجامی دەدات ، ئەوەنەبێت طەوافی ئیفازە دوا دەخات بۆ ئەو کاتەی کەبەتەواوەتی پاك دەبێتەوەو خۆی دەشوات، پاشان با بچێت بۆ طەواف کردن ، چونکە عائشەی دایکی ئیمانداران( خوای لێ ڕازی بێت ) لەکاتێکدا کەلەئیحرامدا بوو لەگەڵ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کـــەوتەسوڕی مانـــگانەوە، پێغەمبـــەری خوا (

صلى الله عليه وسلم ) پێ ی فەرمووە : ( افعلی ما یفعل الحاج ، غیر أن لا تطوفی بالبیت حتی تطهري ) واتە: هەموو ئەو کارانەی کەحاجی ئەنجامی دەدات تۆش بیانکەجگەلەطەوافی بەیت نەبێت تا ئەو کاتەی کەپاك دەبیتەوە.

٥- پرسیار کرا لەشێخ عبد الله بن حمید ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) بەوەی ئەگەر ئافرەتێك عومرەی کرد وپاشان تەوافی کرد و سەعی نێوان صەفا و مەروەشی کرد و احرامی شکاند ، دواتر لەحەرەم دانیشت و لەو کاتەدا کەوتەسوری مانگانەوە، بەڵام طەوافی ماڵ ئاوایی ( الوداع ) ی نەکرد ، ئەوەندەش کاتی لەبەردەم نەمابوو کەلەمەککەبمێنێتەوەتاوەکو پاك دەبێتەوە، ئایا لەم کاتەدا چی بکات خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە؟

وەڵامی شێخ عبد الله بن حمید ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) :

نەخێر لەسەری نیەکەبمێنێتەوە تا پاك ببێتەوە بەڵکو سەفەری خۆی دەکات ، چونکە ئافرەت لەکاتی سوری مانگانەیدا طەوافی ماڵ ئاوایی ( الوداع ) ی لەسەر نی یە جا ئەگەر ئەو ئافرەتە لەحەجدا بێت یان لەعومرەدا بێت ، ئەمەش بەپێ ی ئەو فەرموودەیەی عەبدوڵڵای کوری عەباس ( خوای لێ ڕازی بێت ) کەدەفەرموێت : ( أمر الناس أن یکون آخر عهدهم بالبیت إلا أنه خفف عن الحائض ) واتە: فەرمانی کرد بەخەڵکی کەکۆتا ئیشیان با طەوافی بەیت بێت ، بەڵام ئەم کارەلەسەر ئافرەتی حەیز دار هەڵگیرا و سووك کرا لەسەریان .

جا کەوابوو ئافرەت لەکاتی سوری مانگانەیدا طەوافی ماڵ ئاوایی ( الوداع ) ی لەسەر نی یە، بەڵکو دەتوانێت سەفەری خۆی بکات و هیچ شتێکیشی لەسەر واجب نابێت ان شا الله ( مەبەست خوێن دان و فدیە) یە، خوای گەورەش زانا عالم ترە.

٦- پرسیار کرا لەشێخ محمد بن ابراهیم ال الشیخ ( ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) سەبارەت بەوەی کەئافرەتێك حەجی کرد بەڵام پێش ئەوەی طەوافی ئیفاضەبکات کەوتەسوری مانگانەوە، وەکاتێك کە وویستی بگەڕێتەوە بۆ ووڵاتەکەی خۆی لەگەڵ هاوەڵ و قافڵەکەیدا وەلی ئەمرەکەی خۆی کرد

بەوەکیلی خۆی تاوەکو لەجیاتی ئەو طەواف وسەعی صەفاو مەروەی بۆ بکات ، ئەو کەسەش لەبری ئەو بۆی ئەنجام دا ، پاشان سەفەریان کرد بۆ وڵاتی خۆیان و گەڕانەوە، ئایا ئەو وەکالەتەی ئەو ئافرەتە دروستەو حەجەکەی صەحیحە؟ ئەوەش بزانین حەجی ئەم ئافرەتە حەجی ( نەفل ) بووە، واتەحەجی یەکەم جاری نەبووە.

وەڵامی شێخ محمد بن ابراهیم ال الشیخ ( ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : ظاهری ووتەی زانایان و فقهای ئیسلام ئەوەیە ئەمەی کە ئەم ئافرەتە کردویەتی دروستە، بەمەرجێك ئەگەر حەجی سوننەت بێت ( واتەحەجی ئیسلام و فەرز نەبێت ) ئەو کەسەشی کەبەوەکیلی گرتووەواتە( وەلی ئەمرەکەی ) ئەو ساڵەحەجی بۆ خۆی کردبێت و لەکارو ڕوکن و واجباتی حەج بووبێتەوە، بەتایبەت لەکاتێکی پێویستی وادا کەقافڵەکەجیان بهێڵێت ، خوای گەورەش زانا ترە لە هەمووان .

٧- پرسیار کرا لەشێخ محمد بن ابراهیم ال الشیخ ( ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) کەئافرەتێك لەگەڵ مەحرەمەکەیدا هات بۆ حەج کردن و ، هەموو مەناسك و ڕوکن و واجباتی حەجی بەجێ هێنا ئەوە نەبێت تەنها طەوافی ئیفاضە نەبێت ، لەو کاتەشدا ناچار بوو کە لەگەڵ قافڵەکەیاندا بگەڕێنەوە بۆ ووڵاتی خۆیان ، بەبێ ئەوەی کەطەوافی ئیفاضەبکات ، ئێستا دەپرسێت ئایا چیم لەسەر پێویستە کە بیکەم ؟

وەڵامی شێخ محمد بن إبراهیم آل الشیخ ( ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) الحمد لله رب العالمین : هەرچی شتێك حەرامەبێت لەسەر ئەو کەسەی کەتەحەلول ی یەکەمی کردوەو هیشتا تەحەلولی دووەمی مابێت ، لەسەر ئەم ئافرەتەش حەرامەدەبێت ، حەرامەکە ژن و ژنخوازی و هەرشتێکیش پەیوەندی بەژن و ژنخوازیەوە هەبێت وەك جماع و مارەبڕین ئەنجامیان بدات ، هەروەها پێویستە لەسەری کەخێرا بگەڕێتەوە بۆ مەککە لەنزیکترین کاتدا کەبۆی دەکرێت ، جا کەگەشتە میقات لەئەوێ ئیحرام بەعومرەببەستێت و ڕوکن واجبەکانی عومرەئەنجام بدات ، پاش ئەوەی لەعومرەکەی بوویەوەئەمجا ئەو طەوافەئیفاضەیەی کەلەسەری بوو ئەنجامی بیکات و بەمەش حەجەکەی تەواو ئەنجام درا

، بەمەش هیچ شتێکی لەسەر واجب نابێت لەخوێن دان و فدیەدان ، خوای گەورەش پشت و پەنای هەموو لایەك بێت .

٨- پرسیار کرا لەشێخ صالح الفوزان ( خوا بیپارێزێت ) ئایا حوکمی ئەو ئافرەتەچی یەکەدەست کێشی لەدەست دا بێت ( القفازین ) و حەج و نوێژبکات ؟

وەڵامی شێخ صالح الفوزان بەم شێوەیەبوو : نوێژی ئافرەتی موسڵمان بەدەست کێش ( القفازین ) وەهیچ گرفتێکی تێدا نی یە، چونکە لە سەر ڕای صەحیح لەئیسلامدا داوا کراوە لەئافرەت کەلەنوێژەکانیدا مەچەکی داپۆشێت ، جا ئەو داپۆشینە بەدەست کێش بێت یان بەهەر شتێکی تر بێت .

بەڵام لەکاتی ئیحرام دا ، دروست نی یە کە ئافرەت دەست کێشی لەدەست بێت ، چونکە دەست کێش کردنەدەست لەو شتانەیە کە قەدەغەی لێکراوە لەکاتی ئیحرام دا ، وەپێویستە لەسەری لەکاتی بەدەر کەوتنی پیاوانی نامەحرەمدا جگەلە دەست کێش دەست ومەچەکی بە پۆشاکەکانی یان بەعەباکەی داپۆشێت ، بەڵام لەکاتی غەیری ئیحرامدا دروستەبۆ حاجی ئافرەت کەدەست کێش لەدەست بکات ، چونکەتەنها لەکاتی ئیحرامدا قەدەغەی لێکراوە.

٩- پرسیار کرا لەشێخ صالح الفوزان ( خوا بیپارێزێت ) ئایا پێویستەلەسەر ئەو ئافرەتەی کەحەج دەکات کەجل و بەرگێکی تایبەت و ڕەنگیکی تایبەتی هەبێت ؟

وەڵامی شێخ صالح الفوزان بەم شێوەیەبوو : هیچ جل وبەرگێکی تایبەت نیە کە واجب بێت لەسەر ئافرەت لەکاتی حەج کردن دا لەبەری بکات ، بەڵکو ئەوەجل وبەرگەی کەپێشوو تر لەبەری کردون هەموو لەشی داپۆشی بێت ، بەو مەرجەی جل وبەرگێگی زرق وبرق نەبێت و وەك جل وبەرگی پیاوانیش نەبێت ، بەڵام ئەبێت ئەوەبزانین کەئافرەتێك لەئیحرامدا بێت قەدەغەی لێکراوەکەپەچەو نقابێك لەسەر بکات کەدوورا و چنراو بپت ، یان دەست کێشێك لەدەست بکات

كه دووراو چنراو بێت، جا پێویستەكەڕومەتی داپۆشێت بەشتێك جگە لە پەچەو نقاب ، وەدەسەكانی داپۆشێپت بەدەست كێش نەبێت ، چونكەدەست و دام و چاوی ئافرەت عەورەتەو واجبەداپۆشرێت ، وەبەهیچ شێوەیەكی ڕەها و مطلق یش قەدەغەنەكراوەلەوەی كە لەكاتی ئیحرامدا دەست و دەم چاو داپۆشرێت ، بەڵكو قەدەغە لەوە كراوە كە بەپەچەو نقاب و دەست كێش ( القفازین ) داپۆشرێت .

١٠- پرسیار كرا لەشێخ صالح الفوزان ( خوا بیپارێزێت ) ئایا دروستە كە ئافرەتان بچنە ناو قەرەباڵغی پیاوانەوە لەكاتی طەواف كردنی كەعبەدا ؟

وەڵامی شێخ صالح الفوزان بەم شێوەیەبوو : حەرامە لەسەر ئافرەتان بەهەموو شێوەیەك بچێتەناو قەرەباڵغی لەگەڵ پیاواندا بەتایبەتی لەكاتی طەواف كردندا ، چونكەئەم كارە مرۆڤ تووشی فتنەو تاوان و گوناهـ دەكات ، وەشانێن وقەرەباڵەغی كردنیش لەكاتی طەوافدا زیاتر حەرامە، جا بۆیە واجبە لەسەر ئافرەتان كەبەهەموو شێوەیەك لەو قەرەباڵەغیانە دوور بكەونەوە، و فەرصەت و هەل وەربگرن لەو كاتانەی كەقەرەباڵغی یەكەكەمتر دەبێتەوەیان لەكەنارەكانەوەطەواف بكەن ، هەرچەند ئەگەر دووریش بێت لەكەعبەوە، چونكەئەمەی باشتر و پارێزراو ترەبۆی ، و دور تریشەلەفتنەو تاوان و گوناهی تێكەڵ بوون .